# بەڕێوەبردنی قەیران

**ئاریەن بۆین***

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئێحسان نەزەت

**قەیرانەکان و کۆمەڵگەی مۆدێرن**

دەسەڵاتدارە میللییەکان ڕووبەڕوی زۆر شکست و قەیرانی وەك کارەساتە سروشتییەکان، هەڕەشە ژینگەییەکان، کزیی ئابووری، پەلامارە تیرۆریستییەکان، تەقینەوەکان، پەتاکان و تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن، دەبنەوە. قەیرانەکان وەکوو ڕووداوە ڕۆتینییەکانی وەك (ئاگر و پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکان) نین. قەیرانەکان ئەو ڕووداوە ناهەموارانەن کەوا ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتوانان و هاونیشتمانیان تووشی سەرسوڕمان دەکات. قەیرانەکان کاتێك ڕوو دەدەن کەوا کۆمەڵگەیەکی مرۆیی، ڕێکخراوێك، شارۆچکەیەك یان نەتەوەیەك هەڕەشەیەکی لەناکاو لەسەر بەها بنەڕەتییەکان یان بەردەوامبوونی ژیانیان دەبینن، کە ئەمەیش دەبێتە مایەی ئەوەی بەپەلە و بە دڵەڕاوکێیەکی قووڵەوە مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکاندا بکرێت.

ئەم ڕووداوە دراماتیکییانە ئاڵینگاریی قورس بۆ گەورە سەرکردە میللییەکان و دامودەزگەیەکانیان دروست دەکەن. پێویستە بڕیاری یەکلاکەرەوە لەژێر گوشاری کەمیی کات و نەبوونی زانیاریی پێویست لەبارەی هۆکار و دەرەنجامەکانی قەیرانەکان، بدرێن و پەیڕەو بکرێن. **هەرچەندە بارودۆخەکان بۆ بڕیاردان زۆر سەخت بن، لەگەڵ ئەوەیشدا هاووڵاتیان لە سەرکردەکانی حکوومەت و دەسەڵاتدارە میللییەکان چاوەڕێ دەکەن کەوا لەو هەڕەشانە بیانپارێزن.**

دوو فاکتەر هەن کە وا لە سەرکردە میللییەکان و دامودەزگەکانیان دەکەن مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا زۆر قورس بێت. یەکەمیان، ئەو کوالیتییانەی دەبنە مایەی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنەکان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، کە ئەمەیش وا دەکات ئەم کۆمەڵگەیانە بەرگەی قەیرانەکان نەگرن. دووەمیشیان ئەوەیە کەوا هەردوو لایەنی هاووڵاتی و سیاسەتمەداران پێکەوە لەپڕێکا زۆر ترسابن و کەمتریش لەگەڵ نەهامەتییەکانی وەك تەندروستیی گشتی، سەلامەتی و شکۆمەندیی خۆیان بگونجێنن. تێکهەڵکردنی ئەم دوو فاکتەرانە بە شێوەیەکی زۆر ئاسان، دەبنە مایەی دەرخستنی ئەوەی کە بۆچی کێشەیەکی بچووك دەبێتە مایەی دروستبوونی قەیرانی گەورە؛ هەروەها بۆچی کاریگەرییەکانی بەڕێوەبردنی قەیران لە خۆڕسکدا سنووردارن؟

کۆمەڵگەی مۆدێرن تا دێت ئاڵۆزتر و تێکەڵاوتر دەبێت. ئاڵۆزبوونیش وا دەکات کەوا تێگەیشتن لەو پرۆسە و چالاکییە جۆراوجۆرانەی ڕوو دەدەن، ئەستەمتر بێت. لە ئەنجامیشدا، سەرهەڵدانی لاوازییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن درکیان پێ ناکرێت. زۆر جار هەوڵەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا دەرەنجامی لەناکاو بەدوای خۆیدا دێنن، هەروەك زیادکردنی قەیرانەکان لە بری کەمکردنەوەیان. لێکدانی بەشەکانی پێکهاتە و شێوازی سیستەمەکان دەبێتە هۆی تەشەنەکردنی گرفتەکان بەخێرایی. ڕەنگە بەم جۆرە، قەیرانەکان لە لایەنە "جوگرافییەکەیەوە" ڕەگی خۆیان دابکوتن و لەپڕێکا بەناو جیهاندا بڵاو ببنەوە و لە

سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر باز بدەن و لە وادەی ئەم بازدانانەیش زانیاریی خراپ کۆ بکەنەوە.

هەموو ئەمانە هۆکارن کە زۆر قورس بێت قەیرانێك پێشی دەرەنجامەکانی دیاری بکرێن. کاتێك قەیرانێك ڕوون دەکرێتەوە و دەخرێتە ڕوو، ئیتر سیاسەتمەداران هیچ شتێك بە سەیر و نامۆ نابینن. ئەگەر هەموو شتێکیش لە شوێنی خۆی بێ، چیتر شتە تێکەڵاوە شاراوەکان نامێنن. بەردەوامبوونی قەیران وا دەکات سیاسەتمەداران بۆیان دەرکەوێت کە قەیرانەکە چییە و هەر لەو کاتەیشدا کە هەموو شتێك لەبەرچاو ڕوون بووەوە، ئەوا ئەوکات دەسەڵاتداران هەوڵ دەدەن لێکەوتەکانی قەیرانەکە کەم بکەنەوە.

سروشتی ئاڵۆزی قەیران، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات. زۆر بەدەگمەن قەیرانێك هەبێت "قسە بۆ خۆی بکات". پێناسەکردنی بارودۆخێك بابەتییانەیە؛ قەیرانی کەسێك ڕەخسانی هەلە بۆ کەسێکی تر. سەبارەت بە دەسەڵاتدارە میللییەکانیش، ئەمە مایەی کێشەیە؛ دەکری زۆر لەو ڕووداوە ئاشکرا بێزیانانە ببنە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیران. هاووڵاتییە ڕۆژاواییەکان بە کەموکوڕییەکان دڵتەنگ دەبن؛ ئەوان دوچاری ترس بووینە و ئەوەیش فێر بووینە کە ترسەکەیان لە چییە. لەم فەزایە ترسەدا، هەندێك کات کۆمەڵگەکە دوچاری "ترس دەبێت" و فرەجۆریی میدیای مۆدێرنیش ڕۆڵ لە زیادکردنی ئەم جۆرە ترسەدا دەگێڕێت.

تەنانەت ئەگەر هەڕەشەیەکی جددیی گشتگیریش سەر هەڵبدات، دڵنیاکردنەوەی دۆخی کێشە نوێیەکە ئەستەمە. **ئەو حکوومەتانەی هەموو ڕۆژێك مامەڵە لەگەڵ کێشە لەناکاوەکاندا دەکەن، جەختکردنە سەر کێشەیەك وا دەکات کێشەیەکی تر لەبیر بکرێت.** بۆ ئەوەی هەڕەشەیەك بە قەیران بناسرێت، پێویستە بەڕوونی بەربەستە سەختەکانیش ڕوون بکرێنەوە.

## ئاڵینگارییەکانی بەڕێوەبردنی قەیران

بەڕێوەبردنی قەیرانەکان دوو ڕەهەندی هەیە، ئەوانیش ڕەهەندی تەکنیکی کە پەیوەندیی بە توانای خۆگرتنی دامەزراوە حکوومییەکان و سیاسەتی گشتی لە قۆناغی سەرهەڵدانی هەڕەشەکەدا هەیە. ڕەهەندێکی سیاسیش هەیە کە ئەویش بەڕێوەبردنی قەیران، بەقووڵی جێی مشتومڕ و چالاکییەکی بەهێزی سیاسییشە. تێکهەڵکردنی ئەم دوو ڕەهەندە سەرەکییە بۆ **پێنج ئاڵینگاریی جددیی بەڕێوەبردنی قەیران** دەگەڕێتەوە ئەوانیش بریتین لە:

**درکپێکردن□ بڕیاردان□ واتابەخشین□ نەهێشتن** و **فێربوون**.

### ١- دەستنیشانکردن و هەستکردن بە قەیرانەکان

پێدەچێت قەیران ئاڵینگاریی ئاشکرا دروست بکات. هەر لەو کاتەی قەیران ڕوون بووەوە، پێویستە هەڵسوڕاوانی قەیران ڕێکاری پێویست بۆ لێکەوتەکانی بگرنە بەر؛ تەنانەت واقعەکە زۆر لەوەیش ئاڵۆزترە. زۆرێك لە قەیرانەکان بە شێوازی کتوپڕ و نامۆ ڕوو نادەن، بەڵکوو پەیتا پەیتا تەشەنە دەکەن. **پێویستە سیاسەتمەداران لە نیشانەکانی وەك نادڵنیایی، لێڵی، پێچەوانەبوونەوە بزانن کە وا خەریکە شتێکی نامۆ سەر هەڵدەدات. پێویستە ئەوان هەڕەشەکە هەڵسەنگێنن و بزانن قەیرانەکە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە.**

هەمیشە هەڵسوڕاوانی قەیرانەکان زۆر بەئەستەم ڕووبەڕووی ئەم قەیرانانە دەبنەوە. خێراییی سەرسوڕهێنەر و لێڵی و ئاڵۆزیی قەیرانەکە دەتوانێت بەئاسانی بەسەر شێوازی هەڵسەنگاندندا زاڵ بێت. دەکرێ سترێس و

کێشە ڕێکخراوییەکان زیاتر ببنە مایەی تەگەرەتێخستنی تواناکان بۆ دەستنیشانکردن و هەستکردن بە قەیرانەکان.

هەندێ خەڵك بەوە ناسراون کە **لەژێر گوشاردا بەڕوونی بیر دەکەنەوە و لەسەرەخۆن**؛ ئەوان پەرەیان بە شێوازێکی بەگەڕخستنی زانیارییەکان داوە کە وا دەکات لە کاتی بارودۆخی قەیراناویدا کارێکی بەجێیان هەبێت. ئەفسەرە سەربازییەکان، ڕۆژنامەوانان، فەرماندەکانی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە بە کۆکردنەوە و کارپێکردنی زانیارییەکان لە بواری قەیراندا، بەناوبانگن. هەندێ ڕێکخراو پەرەیان داوە بە شێوازی بەسوودی "گەڕان و دەستنیشانکردنی کێشەکان" لە کاتی بوونی قەیراندا. ڕێکخراوەکان لەژێر بارودۆخێکی تەنگانەدا تا ڕادەیەك پەرەیان بە تواناکان و خێراتر بەدەستهێنان و کارپێکردنی زانیارییەکان داوە. پرسیاری وەڵامنەدراوە ئەوەیە کە ئاخۆ ڕێکخراوەکان دەتوانن نەخشەی ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە بکێشن و بیبەنە ناو کەلتووری هەنووکەییی ڕێکخراوەکانەوە؟

### ٢- بڕیاری یەکلاکەرەوە

لە کاتی قەیراندا، پێویستە حکوومەت و دامەزراوە گشتییەکان بڕیار لەسەر کێشەی ناهەموار بدەن؛ دەکرێ ئەمەیش چەند جۆرە بڕیارێك بن. دەبێ چەند سەرچاوەی دەگمەن ببنە بنەمای بڕیاردانەکە. ئەم کردارە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە کرداری سیاسی دەچێت، تەنیا لەوەدا نەبێت کەوا کاتێك لە بوونی قەیرانەکاندا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان پێداویستی و داواکارییەکاندا هەبێت. لەو کاتەیشدا کە کێشەکان هەروەك خۆیان بەناڕوونی و ناجێگیری بمێننەوە، ئەوا کاتەکەیش بۆ بیرکردنەوە و ڕاوێژکردن و وەرگرتنی ڕەزامەندی، زۆر کەم و سنووردار دەبێت. کێشەکان بە جۆرێك ڕووبەڕووی حکوومەت و سەرکردەکان دەبنەوە کەوا پێشتر لە کاتی کاری ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕوویان نەبووبنەوە. بۆ نموونە بڕیاری ناردنی هێز، یان بەکارهێنانی هێزی کوشندە، یان سنووردانانی پێویست بۆ ئازادییە کەسییەکان، بڕیاری هەستیارن. **بڕیاردان لە کاتی قەیراندا کارێکی قورسە کە ڕەنگە ببێتە مایەی لەدەستدانی بەهای دەستکەوتەکان و سەرهەڵدانی ڕیسکی سیاسی.**

وەڵامێکی کاریگەر پێویستی بە هەماهەنگیی ناوخۆیی نێوان ئاژانس و حکوومەتەکان هەیە؛ دوای هەموو ئەمانەیش، بڕیارەکان دەبێت لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی جۆراوجۆرەوە بخرێنە بواری جێبەجێکردن. شێوازی جێبەجێکردنێکی کاریگەر، وا پێویست دەکات کە ئەم ڕێکخراوانە پێکەوە کار بکەن. هێنانی بیرۆکراسیی گشتی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی قەیرانەکاندا، مایەی بێهوودەیییەکی زۆرە و تەنانەت هەندێکیش دەڵێن ئەمە کارێکی مەحاڵە. زۆربەی ڕێکخراوە گشتییەکان لە بنەڕەتدا دیزاین کراون بۆ ئەنجامدانی کاروباری ڕۆتینی بەهۆی بەهاکانی دادپەروەری، یاسا و کارتێکردنەوە. سەرەڕای ئەمەیش هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قەیران، پێویستی بە نەرمی، باشکردن، دووبارەکردنەوە و شکاندنی یاساکان هەیە.

بۆ پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان هەماهەنگی تاکە تایبەتمەندی نییە، بەڵکوو بریتییە لەوەی کە ئاخۆ کێ بەرپرسە لە چاکردنی دۆخەکە. ئەو ئاژانسانەی لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا تەکنەلۆژیای جۆراوجۆر بەکار دێنن، زۆر بەزەحمەت دەتوانن کردارەکان چۆنییەك بکەن؛ لەگەڵ ئەوەیشدا قەیران نابێتە هۆی نەهێشتنی هەستیاری و ناکۆکی لەمەڕ پەیوەندیی ڕۆژانەی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکی تردا.

دەبێ وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەقینە و کاریگەری قەیران، بە ڕادەیەکی زۆر دەرەنجامێکی سروشتی لە

سەرهەڵدانی پڕۆسەکەدا ببەخشێت. ناکرێت چارەسەرکردنی قەیرانیش بە شێوەیەکی سەرەکی تەنیا پشت بە یەك سەرچاوە ببەستێت. زۆر کۆسپ هەن کەوا بە شێوەیەکی سادە بڕیاری یەکلاکەرەوە لەگەڵ ماوەی جێبەجێکردنی خودی بڕیارەکە لێکجیا دەکاتەوە.

**٣- واتابەخشین بە بڕیاردان**

**لە کاتی قەیرانەکاندا، چاوەڕێ دەکرێت کەوا سەرکردەکان دڵڕاوکێ بڕەوێننەوە و بە شێوەیەکی بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن و بزانن چی ڕوو دەدات و پێویستە چیش بکرێت.** کاتێك لە چۆنێتیی ڕووداوەکان دەگەن و ستراتیژییەتێك بۆ ڕووداوەکان دادەنێن، ئەوا پێویستە سەرکردەکان پێکەوە لێکتێگەیشتنیان بۆ ڕووداوەکان هەبێت و ئەگەر لەمەدا سەرکەوتوویش نەبن، ئەوا ڕەنگە پێشوازی یان ڕێز لە بڕیارەکانیان نەگیرێت.

تەنیا سەرکردە میللییەکان نین کەوا دەیانەوێ قەیرانەکان چاك بکەنەوە، بەڵکوو پەیامەکانیان ڕکابەری لەگەڵ هەموو ئەو حزبانەی تردا دەکەن کەوا پۆست و بەرژەوەندیی تریان هەیە؛ بە هەمان شێوەیش لەگەڵ ئەو حزبانەیشی کەوا پێناسە و ئەلتەرناتیڤی جیاوازیان بۆ قەیرانەکان و پێشنیاری گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەتیان بۆ هەیە. ئەگەر هات و ئەکتەرەکانی تر لە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی قەیرانەکان سەرکەوتوو بن، ئەوا توانای سەرکردە ناوبراوەکان لە بڕیاردان و جووڵەپێکردنی قەیرانەکان زۆر ئەستەم دەبێت.

زۆر جار بۆ دەسەڵات قورسە کە دەستبەجێ زانیاریی دروست فەراهەم بکەن. ئەوان دوچاری زانیاریی نادروستی وەك (ڕاپۆرت، دەنگۆ و وێنە) دەبنەوە کاتێك کەوا شتێکی سەیر لە کاتی قەیرانەکان دا ڕوو دەدات. خۆی لە خۆیدا ڕاستەڕێکردنەوەی بارودۆخەکە ئاڵینگارییەکی سەرەکییە؛ نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی قەیرانەکان بە خەڵك و چاککردنەوەیان، پێویستی بە هەوڵی پەیوەندییە گشتییەکان هەیە. زۆر جاریش ئەم هەوڵە لەلایەن جۆش و خرۆشی خەڵکەوە تەگەرەی تێ دەخرێت. ئەو خەڵکەی زۆر بە دۆخەکە داخبار بووە، دوچاری دوودڵی یان سترێس بوونە. سەرەڕای ئەوەیش ئەوان حکوومەت بە هاوپەیمانی خۆیان نازانن و لە کاتی قەیراندا هاوکار نین.

**٤- نەهێشتنی قەیران**

لەناوبردنی قەیران دوو شتی دەوێ؛ **یەکەمیان** پێویستە قەیرانەکان لە حاڵەتی فریاکەوتن بگوازرێنەوە بۆ حاڵەتی ڕۆتین و بچووککردنەوەی قەبارەی ڕێکخستنەوەیان. **دووەمیشیان** لەسەر ئاستی ستراتیژییەکەیش، **پێویستە بەرپرسان بەرپرسیارێتیی ئەوەی کە ڕووی داوە بخەنە ئەستۆی خۆیان.** ئەم دوو لایەنەی نەهێشتنی قەیران زۆر لێك جیاوازن بەڵام لە پراکتیکدا زۆر تێکهەڵکێشن. پێویستە حکوومەت شەرعییەتی خۆی بەدەست بێنێتەوە تاکوو بتوانێت کردارە هەمیشەییەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت. سەرکردەکان ناتوانن بە تاکلایەنە بڕیار لەسەر ئەمە بدەن، تەنانەت ئەگەر لە لایەنی یاساییەکەیشەوە بۆ لەناوبردنی قەیرانەکان خاوەنی فەرمانی فەرمیش بن. دەکرێ لە نەهێشتنی قەیرانەکاندا خەڵك هێور ببێتەوە بەڵام لەبیربردنەوەی قەیرانەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە ئەستەمە. **چارەسەرنەکردنی قەیرانەکان بە شێوەیەکی ناتەندروست، دەرەنجامی نادروستی لێ دەکەوێتەوە و پشتگوێخستنیشیان دەبێتە مایەی مانەوەیان وەك خۆیان.**

مشتومڕەکانی ئەوەیش کە ئاخۆ کێ لە ڕێکخستنەوەی قەیرانەکان بەرپرسە، بەئاسانی دەبێتە مایەی دروستبوونی ناکۆکی و یەکترتاوانبارکردنی لایەنەکان، لەبری ئەوەی لێکدانەوە بۆ دەرەنجامەکانیان بکەن. **ئاڵینگاریی سەرکردەکان ئەوەیە کەوا سەرەدەرییەکی دروست لەگەڵ قەیرانەکاندا بکەن و خۆیان لە تاکتیکی یەکترتاوانبارکردن بدۆزنەوە.**

ئەو سەرکردانەی لە قەیرانەکان دەکۆڵنەوە، دەتوانن بەتوانا و بەویژدان بن، بەڵام ئەمە تەنیا شتێکی کەمی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کارکردنی ئەو سەرکردانەیە، بەتایبەت لەو کاتەی کەوا قەیرانەکە کۆتاییی پێ دێ. ڕەنگە ئەو سیاسەتمەدار و ئاژانسانەی شکستیان هێناوە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان لە پێش یان لە وادەی قۆناغە سەختەکاندا، بتوانن هەڵسوکەوتێکی باش لەگەڵ دەرەنجامەکانی قەیرانەکاندا بکەن. بەم جۆرە خۆیان لە زیانپێگەیشتنی ناوبانگ، خۆبەڕێوەبردن و سەرچاوەکانیان دەپارێزن. **قەیرانەکان کەسانی براوە و دۆڕاویان هەیە.** داینامیکی سیاسی و یاسایی، ئەو جۆرە بەرپرسیارێتییە دیاری دەکات کەوا ئەکتەرە قەیرانییەکان بە چ قۆناغێك دەگەن.

**٥- پەندوەرگرتن لە قەیرانەکان:**

قەیران کۆمەڵێك وانەمان بۆ پلانە جێگرەوەکان و ڕاهێنانەکان بۆ قەیرانەکانی داهاتوو پێ دەبەخشێت. هەمووان پەند لە ڕووداوەکان وەردەگرن و بۆ پراکتیزەکردن و یاساکانی کاری ڕێکخراوەییش سوودی لێ وەردەگرن. بەڵام هەمیشە ئەمە ڕوو نادات. داڕشتنی وانەکان یەکێکە لە شێوازی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. سەرەڕای بەربەستە فێرکاری و ئەکادیمییەکان، داڕشتنی وانەکان گرێ دراوە بە ڕۆڵی ئەو وانانەی کە پەیوەستن بە دیاریکردنی قەیرانەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگە.

قەیرانەکان دەبنە بەشێك لە یادەوەرییە کۆکراوەکان و سەرچاوەیەکیش بۆ لێکچووی مێژوویی بۆ سەرکردەکانی داهاتوو. وێناکردنی قەیران وەك بەرگریکردن لە شکستهێنان و پێشبینییەکان وا لە خەڵك دەکات کەوا بیر لە گریمانەکان بکەنەوە و ڕەچاوی ئەو سیاسەت و سیستەمە یاساییانە بکەن کە پێشتر دانراون. ڕەنگە وەبەرهێنەرانی تریش کەڵك لە وانەکان وەرگرن بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەرەکان و چاکسازیکردن لەو یاسایانەی کەوا سەرکردەکان پێیان پەسەند نییە. بەمەیش سەرکردەکان وانەی گرنگ و گەورە لە قەیرانەکان و پەیڕەوکردنیان لە مەیدانی بیرۆکراتیدا، وەردەگرن. ئاڵینگاریی گەورە لێرەدا ئەوەیە کەوا درك بەو فاکتەرانە بکرێت کەوا بوونەتە هۆکاری دروستبوونی ئەو قەیرانانەی لە ڕێگەی یاسا کۆنەکان و ڕێکخراوە میللییەکان بەرپا بوونە.

* **"ئاریەن بۆین"** پرۆفیسۆری بەڕێوەبردنی گشتی و بەڕێوەبردنی قەیرانەکانە لە خوێندنگەی "یوترێکت"ە بۆ بەڕێوەبردن. هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە پەیمانگەی بەڕێوەبردنی گشتی لە زانکۆی ویلایەتی لویزیانا.

**سەرچاوە:**

https://www.britannica.com